# ڕاپۆرتی سیاسیی کۆمیتە ناوەندیی کۆمەڵە بە کۆنگرەی ١٣

## مانگی گەلاوێژی ١٣٨٧

**ئەوەی دەیخوێننەوە بەشی دووهەمی ڕاپۆرتی سیاسی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەیە بە کۆنگرەی ١٣**

**بزووتنەوەی کرێکاری**

**١.** ئەمڕۆ ئەم ڕاستییە لە کەس شاراوە نییە کە چینی سەرمایەداری ئێران بە یارمەتی و پشتیوانیی هەمەلایەنی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران یەکێك لە ڕەشترین قۆناغەکانی ڕۆژڕەشی ئابووری بە سەر کرێکارانی ئێراندا سەپاندوە. لەو بارودۆخەدا دابینکردنی پێداویستیە سەرەتاییەکان و ڕۆژانەی ژیان بۆ زۆرینەی بنەماڵەکرێکاریەکان بوەتە کارێکی دژوار. لە بەرامبەر ئەو دێوەزمەی گەورەیەی هەڵاوسان و گرانیدا، ڕەواڵی هەر ساڵەی چوونەسەرێی حەقدەستەکان کە لە لایەن دەوڵەت و شورای عالی کارەوە دیاری دەکرێت بە هیچ شێوەیەك وەڵامدەرەوەی قەرەبووکردنەوەی ئەو بارودۆخە نالەبارە ئابوورییە نییە و بەشێکی بەرین لە چینی کرێکاری ئێرانی بەرەولای خوار هێڵی هەژاری پاڵ پێوە ناوە.

ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران ئەو بارودۆخە نالەبارە ئابوورییەی بە چڕکردنەوەی سەرکوتی بزووتنەوەی چینی کرێکار و مانگرتنەکان و خەباتی ئەوان هاوکات کردوە. بە سەپاندنی سزای شەللاق و زیندان بۆ چالاکان و بەرێوەبەرانی یەکەمی مانگی مەی لە شاری سنە، بەدواداچوون، دەستبەسەرکردن و ئەزیەت و ئازاری چالاکان و پێشڕەوانی مانگرتنی کرێکارانی نەیشەکەری هەفت تەپپە و هێندێك جاریش هێرشی هێزەکانی دژی شۆڕش و دەستبەسەرداگرتنی هێندێك لە یەکە بەرهەم هێنەرەکان و دەستگیرکردنی چالاکانی کرێکاری نیشانی دا کە بۆ سەرکوت و بێدەنگ کردنی کرێکاران لە بەکارهێنانی دڕندانەترین شێوازەکانیش خۆیان ناپارێزن.

بزووتنەوەی کرێکاریی ئێران لە بەرامبەر ئەو قازانج پەرەستییەی چینی سەرمایەدار و وەحشیگەریەکانی ئەو ڕژیمە کە دەرخە ری ترس و دڵەڕاوکێی ئەو لە گەشە و پێشڕەوی بزووتنەوەی کرێکارین، هەروا بێدەنگ دانەنیشتوە. هەرچەندە گەشەی خەبات و نارەزایەتیەکان ئاوێنەی باڵانوێنی ئەم حەوت ساڵەی دوایی لە بزووتنەوەی کرێکاریدا بوە، بەڵام لە یەك ساڵی ڕابردوودا گە شەی ڕێژەیی خەباتی کرێکاران زۆر بەرچاوە بوە. لەم یەك ساڵەی دواییدا ئێمە شایەتی بە سەدان نارەزایەتی و مانگرتنی کرێکاری لە بوارە جۆراوجۆرەکانی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاریدا بووین کە مانگرتنە یەك لە دوای یەکەکانی کرێکارانی نە یشەکەری هەفت تەپپە نمونەی بەرچاوی ئەو بوە.

بەڵام خەباتی کرێکاران لە بوارەجۆراوجۆرەکاندا بەشێوەی پەرتەوازە، لێك دوور و زۆرجاریش بێ ئەوەیکە هیچ پەیوەندییەکیشیان پێکەوە هەبێت، درێژەی هەبوە. کاتێك کە مانگرتنی کرێکاری لە نەیشەکەری هەفت تەپپە و یان ئیران خۆدرۆ لە لایەن کرێکارانی یەکە پیشەسازی و خزمەتگوزاریەکانی دیکەوە پشتیوانی لەگەڵ ناکرێت، خاوەنانی ئەو پیشەسازیانە و ڕژیمیش بە

هاسانی دەتوانن تەواوی توانایيەکانی خۆیان بۆ پێشگرتن بەو مانگرتنە و لەباربردنی خەباتی کرێکاران بۆ گەیشتن بەخواستە کانیان بەکار دێنن.

یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی پەرتەوازەیی خەباتی کرێکاران نەبوونی خواست و داخوازییەکی یەکدەست و سەرتاسەرییە کە بەشە جۆراوجۆرەکانی بزووتنەوەی کرێکاری لە دەوری کۆببنەوە و بۆ وەدیهێنانیان خەباتێکی سەرتاسەری و هاوئاهەنگ بە ڕێوە بەرن. لەم ساڵانەی دواییدا خەباتی بەشێك لە چینی کرێکاری ئێران لە چوارچێوەی داخوازیی دانی حەقدەستە دواخراوە کان و پێشگیری لە داخستنی کارخانەکان و لە سەرکارەدەرکردنی کرێکاران پێکهاتوە و دەوامی هەبوە. بەڵام ئەم داخوازییانە تە نیا لەو بەشە لە پیشەسازی وناوەندە بەرهەمهێنەرەکاندا خەبات و ناڕەزایەتی کرێکارانی لێ کەوتوەتەوە کە ئەو کارخانە وەبەر سیاسەتی تایبەتی کردنەوە یان وەرشکستەبوون دابوون. کوابوو ئەو داخوازییانە، داخوازیی سەرتاسەریی کرێکارانی ئێران نین.

هەوڵدان بۆ کۆتایی هێنان بە پەرتەوازەیی خەباتی کرێکاران و یەکگرتوویی و سەرتاسەری کردنەوەی ئەو خەباتانە لە چوارچێوەی داخوازیە سەرەکییەکانی چینی کرێکار هەروا یەکێك لە مەرجە سەرەکییەکانی چالاکان و پێشڕەوانی بزووتنەوەی کرێکاریی ئێرانە. لەم بارودۆخەی ئێستادا گەڵاڵەکردنی داخوازیی چوونەسەرێی حەقدەستەکان پێ بەپێی چوونەسەرەوەی هە ڵاوسان لە لایەن بزووتنەوەی کرێکاریەوە، مەقبولییەتی کۆمەڵایەتی هەیە. ئەوە بوارە عەینییە بوونی هەیە کە بوارە جۆراوجۆرە کانی چینی کرێکاری ئێران لە دەوری ئەو داخوازییانە یەك بگرن. چالاکان و پێشڕەوانی بزووتنەوەی کرێکاریی ڕێکخراو لە ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکاندا نابێ ئەو بوارە عەینییە لە بەر چاو نەگرن.

یەکێکی دیکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی پەرتەوازەیی خەباتی کرێکاران نەبوونی ڕێکخراوە چینایەتی و جەماوەریەکانی کرێکارانە. لەم سێ ـ چوار ساڵەی دواییدا چالاکان و پێشڕەوانی بزووتنەوەی کرێکاری بە هەست کردن بەو پێویستیە، هەوڵی زۆر پڕبایەخیان ئەنجام داوە و لەو ڕێگایەدا زۆر لە خۆبوردوو بوون و لە گرتن و زیندان و ئەشکەنجە سڵیان نەکردوەتەوە. جموجۆڵ و بزووتنی چالاکانی کرێکاری بە مەبەستی پێکهێنانی ڕێکخراوە چینایەتیەکانی کرێکاران لە دەسکەوتە پڕبایەخە کانی بزووتنەوەی کرێکاریی ئێران لەم ساڵانەی دوایی دایە. ئەو بەشە لە چالاکانی کرێکاری بە هۆی هەستێکی جیاواز سە بارەت بە ڕێکخراوە جەماوەریەکانی کرێکاری و پرۆسەی پێکهاتنی ئەو، لە ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکاندا لە دەوری یەکتر کۆبوونە تەوە. ئەو ڕێکخراوانە کە سەربەخۆ لە یەکتری هەرکامێکیان بە پێی نفوز و کاریگەریی خۆیان چالاکیە پۆزەتیڤەکان بەرەوپێش دەبەن، کۆسپی سەرەکی سەر ڕێگای ئەوان بۆ یەکێتی بەکردەوە و هاوکاریی هاوبەش بوونی نییە. لە بارودۆخێکدا کە پشووبڕی سیاسی و بارودۆخی نالەباری ئابووریی چینی کرێکار هەروا لە کۆسپە سەرەکییەکانی سەر ڕێگای ڕێکخراوبوونی چینی کرێکار دێنە ئەژمار، یەکێتی بەکردەوە و هاوکاریی چالاکانی کرێکاریی ڕێکخراو لە ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکاندا، گرینگیەکەی لە زاڵبوون بە سەر ئەو کۆسپانەدایە.

لە بارودۆخێکدا کە رژیمی کۆماری ئیسلامی لە ترسی پێشڕەویی بزووتنەوەی کرێکاری لەم چەند ساڵەی دواییدا بێوچان چالاکانی کرێکاریی دەستگیر و زیندانی کردوە بۆ ئەوەی لەم ڕێگایەوە چالاکانی دیکەی بزووتنەوەی کرێکاری چاوترسێن بکات، ڕێکخراوی کۆمیتەی داکۆکی لە کرێکارانی زیندانی بایەخێکی ئەوتۆی هەیە.

**٢-** ئەزموونی مێژوویی خەباتی چینی کرێکار لە ئاستی ئێران و جیهاندا نیشانی داوە کە پێکهێنانی رێکخراوە چینایەتی و جەماوەریەکانی کرێکاری تەنیا دەتوانێ بەرهەمی خەباتی کرێکاران بێت. رێکخراوی چینایەتی کرێکاران دەبێ بە پشت بەستن بە بەشداریی هەرچی زیاتری کرێکاران پێك بێت و راشکاوانە رابگەیەندرێت و بە خەباتێکی یەکگرتوانە بەکردەوە بە سەر دەوڵەت و کارفەرمادا بسەپێنرێت. ئەو رێکخراوانە لە جەرگەی خەباتی کرێکاراندا پێك دێن. بۆ ئەوەیکە کرێکارانی ئێران بتوانن بە پشت بەستن بە رێکخراوە چینایەتیەکانی خۆیان وەکو چینێکی بەهێزی کۆمەڵایەتی لە بەرامبەر سەرمایەداران و دەوڵەتی پشتیوانی ئەواندا خۆیان دەرخەن و پێ بنێنە گۆڕەپانی خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە، رێگایەکی دیکە بێجگە لە پەنابردن بۆ بزووتنەوەی داخوازییەکانی کرێکاران لە رێگای خەباتی ئابووریی کرێکارانەوە بوونی نییە. لە جەرگەی ئەو خەبات و مانگرتنانەدایە کە بوار بۆ پەرەسەندنی وشیاریی چینایەتی و پێویستیی رێکخراوبوون لە سەر ئاستێکی بەرین پێك دێت. گەشەی خەباتی کرێکاران بە تایەبەت لەم یەك ساڵەی دواییدا بارودۆخێکی گونجاوتری بۆ پێکهێنانی ئەم رێکخراوانە پێك هێناوە. بەشداریی چالاکانە لە خەباتی کرێکاریدا، یارمەتیدان بە کاری رێکخراوەیی کرێکاران، چالاکیی بانگەشەی سۆسیالیستی لە نێو ئەواندا لە ئەرکە بەردەوامەکانی چالاکانی حیزبی ئێمە لە نێو کرێکاران دایە.

لە کوردستان بە سەرنجدان بەوەیکە خەباتی کرێکاران لە دژی سەرمایەداران و دەوڵەت لە سەر ئەساسی پەرەسەندنی خەباتی کرێکاری لە سەر ئاستی ئێران بێوچان لە ئارادابووە؛ بە سەرنجدان بەوەیکە لە ماوەی دوودەیە و نیوی رابوردوودا لە رەوتی مانگرتنی کرێکارانی کورەخانەکان، مانگرتن لە ناوەندەکانی دیکەی کرێکاریدا، بەرێوەچوونی مەراسیم و ئاکسیۆنەکانی یەکەمی مانگی مەی، هەوڵی رێکخراو بۆ یارمەتیدان بە پێکهێنانی رێکخراوە کرێکاریەکان و ... نەوەیەك لە پێشڕەوان و چالاکانی کرێکاری و سۆسیالیستی بارهێناوە کە لە نێو کرێکاراندا جێگەوپێگەیەکیان هەیە و توانایەکی زۆریشیان لە رێکخستنی مانگرتنەکاندا هەیە؛ بە سەرنجدان بەوەیکە ئەوە بەرە بەرینە لە چالاکانی کرێکاری لە ناوەندە کرێکاری و شارە جۆراوجۆرەکانی کوردستاندا پەیوەندییەکی نزیکیان پێکەوە هەیە؛ بە سەرنجدان بەوەیکە جەماوەری کرێکاران لە رەوتی خەباتی خۆیاندا هەستیان بەوە کردوە کە هەرچەشنە پێشڕەوی و چەسپاندنی دەسکەوتەکانیان لە پێناو پێکهێنانی رێکخراوە جەماوەریە کانی کرێکاران دایە؛ کەوابوو بە سەرنجدان بە سەرجەمی ئەو فاکتۆرانە بارودۆخێکی زەینی بۆ وەرێخستنی رێکخراوە جەماوە ریەکانی کرێکاری لە کوردستان لەبارترە و چالاکان و پێشڕەوانی کرێکاری پێویستە بە بەدەستەوە گرتنی جڵەوی کارەکان، بە بەشداریدانی جەماوەری هەرچی زیاتری کرێکاران ئەم رێکخراوانە پێك بێنن و بە خەباتی یەکگرتوانەی کرێکاران بە سەر رژیم و خاوەنکارەکانیدا بسەپێنن.

رەوتی ئێمە وەکو بەشێك لە کۆمۆنیستەکانی ئێران بە پێی شوناسێك کە هەیەتی ناتوانێت بەرژەوەندییەکی جیا لە بەرژەوەندیی چینی کرێکاری هەبێت. کەوابوو دەبێ لە پێناو بەهێزکردنی دامەزراوە و رێکخراوە کرێکاریەکان کە بۆ خۆی بەرهەمی خەبات و خاڵی وەرچەرخانی ئەم ساڵانەی دوایی بزووتنەوەی کرێکارین، هەوڵ بدەین. دەبێ راگەیەنەرەکانی خۆمان لە خزمەت ناساندنی ئامانجەکانی ئەو رێکخراوانەدا بەکار بێنین و راگەیاندن و هەڵوێستەکانی ئەوان لە رێگای راگەیەنەرەکانی حیزبییەوە بە ئاگاداریی جەماوەرێکی زیاتر لە کرێکاران بگەیەنین.

**بزووتنەوەی ژنان**

لە کۆمەڵگای ئێراندا کە ٥١لەسەد لە حەشیمەتی ٧٤ میلیۆنی ئەو لە ژنان پێکهاتوە، دەسەڵاتداریتی سەرمایە کە لەگەڵ یاساورێسای ئیسلامی ئاوێتە بووە، بە بەکارهێنانی سەرجەم دامەزراوەکانی سەرکوت و دەست بە سەرداگرتن بە سەر دامەزراوە فێرکاری و ئایینی و راگەیەنەرەکان و بە پشت بەستن بە کولتووری پیاوەمەزنانە، جێگاوشوێنی بندەستەیی ژنان و سوکایە تیکردنی بە ئەوان وەها لە کۆمەڵگادا ئاسایی کردوەتەوە کە ئێران یەکێك لە دیارترین نمونەکانی بێمافی و جێگاوشوێنی کۆیلە تی ژنانی لە جیهاندایە.

ئەمڕۆ و لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمدا بەشی ژنان لە بازاڕی کاری ئێران تەنیا ١٥ لە سەدە و ئەوەش دەرخەری بە ئاشکرای هەڵاواردنی رەگەزی لە بازاڕی کاری ئێران دایە. لە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریی ئێراندا وەکو زۆربەی وڵاتانی ناسراو بە جیهانی سێهەم تەنانەت چوونی ژنان بۆ ناو بوارەکانی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی کە پێشمەرجی رزگاریی ژنانە، بە مانای ئازادی و دەربازبوونی ژنان لە ئەرکە دژوارەکانی کاری ناو ماڵ و بەرپرسیاریتی قورسی فێرکردن و بارهێنانی منداڵان نییە. لە لایەکی دیکەوە سیستمی سەرمایەداری و پیاوەمەزنی ئاوێتەبوو لەگەڵ ئایین، هەڵاواردنی رەگە زی و پاڵ پێوەنانی ژنانی بۆ جێگاوشوێنی رەگەزی دووهەم لە بازاڕی کاردا وەها بنەڕەتی کردوەتەوە کە خەباتی ژنانی بۆ دەستەبەرکردنی سەربەخۆیی ئابووریی لە پیاوان زۆر دژوار کردوەتەوە. شێوازی بیرکردنەوەی زاڵ و کولتوری کۆمەڵگا کە لە کولتوری چینی باڵادەست دایە، لە پێناو دیسانەوە بەرهەمهێنانەوەی هێزی کاری هەرزان بۆ سەرمایەداران تەنیا پیاو بە نان ئاوەر یان بەخێوکەری ماڵ دەزانێ و ئەوەش خۆی یەکێك لە هۆکارەکانی زاڵبوونی ئەو نیزامەیە لە بازاڕی کاردا. ئەو سیستمەی هەڵاواردنی رەگەزیە ژنانی وەکو کۆیلە بێ حەقدەستەکانی سەرمایە، بە بێ کەڵك وەرگرتن لە بیمەی بێکاری و خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکانی دیکە لە سوچی ماڵ خزاندوون. ئەو نەبوونی سەربەخۆیی ئابووریە بۆ ژنان لە خەباتی ئە واندا بۆ وەدیهاتنی یەکسانی لە گەڵ پیاوان، هەمیشە لە سەر شانیان قورسایی دەکات.

هەرچەندە بەشی ژنان لە بازاڕی کاردا زۆر بەرتەسکە، بەڵام هەر لەو چوارچێوەیەشدا جیاکاریی رەگەزی لە پۆلێنبەندی پیشەکاندا رۆڵی خۆی دەنوێنێت. ئەو پیشانەی کە حەقدەستەکانیان کەمە، پێویستییان بە لێهاتوویی نییە، کاری نیوەچڵ و کاتی و رۆژکارن و حەقدەستەکانیان زۆر لە خوارەوەیە، بەگشتی تایبەتن بە ژنان. چوونەسەرەوەی خێرای حەشیمەتی ژنانی خوێندەوار و خاوەنی ئاستێکی بەرز لە خوێندن لە نێو ژنانی ئامادەی کارکردندا گۆڕانێکی ئەوتۆی لەو پێکهاتە سوننەتیەدا پێك نەهێناوە و ئەو نایەکسانیە رەگەزییە لە دابەشکردنی پیشەکاندا، نایەکسانی لە حەقدەستەکانیشی بەدواوەیە. لەو بازاڕی کارەی پشت ئەستوور بە ئاپارتایدی رەگەزی، ژنان یەکەمینی ئەو کەسانەن کە سووکایەتییان پێ دەکرێت و دەکەونە بەر ئەزیە ت و ئازارەوە و مۆتەکەی لە سەرکار دەرکردن بەسەر سەریانەوە دەخولێتەوە.

لە کوردستان ژنان جێگاوشوێنێکی دژوارتریان هەیە. ژنان بێجگە لە کاری ناوماڵ، بەگشتی خەریکی کاری وەرزێری، فەرش چنین و کارە دەستییەکانی نێوماڵەوە خەریکن و یان هاوڕێ لەگەڵ بنەماڵەکانی خۆیان لەگەرمای تاقەت پڕوکێنی هاویندا

بە کەمترین پێداویستییەکانی ژیانەوە لە کورەخانەکاندا کار دەکەن. ژنانی ماڵدار و بەشی وەرزێری و کێڵگەداری هیچ حەقدە ست و بیمەیەك نایانگرێتەوە و ژنانی فەرش چن و سەرجەم ژنانی کرێکاریش کە زۆربەیان لە مزڵەکان یان لە کارگە بچوکە کاندا خەریکی کارن، یاسای کار نایانگرێتەوە. لە سەر سنووری نێوان کوردستانی ئێران و عێراق کەم نین ئەو ژنانەی کە لە رووی ناچاریەوە بۆ دابینکردنی بژیوی ژیانیان خەریکی کۆڵبەرین.

بە بوونی ئەو سیستمەی هەڵاواردنی رەگەزییە لە شوێنی ژیان و بازاڕی کاردا، لە کۆمەڵگایەك کە بە پێی ئامارە فەرمیە کان ٢٠٪ و بە پێی ئاماری ناوەندە سەربەخۆکانیش ٥٠٪ی خەڵکەکەی لە خوار هێڵی هەژاریەوەن، هەژاری رۆژ بە رۆژ زیاتر روخساری ژنانەبوون بە خۆیە دەگرێت، بازاڕی لەش فرۆشی و سێکس پەرە دەستێنێت، رێژەی کچانی هەڵاتوو لە ماڵ دە چێتە سەرێ، رێژەیەکی زۆرتر لە ژنان گیان و جەستەی خۆیان بە بڵێسەکانی ئاگر دەسپێرن و کورتەی کەلام ژنان زیاتر لە سەرجەم توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگا دەبنە قوربانیی خەسارەتە کۆمەڵایەتیەکان. سەبارەت بە سەلامەتیی ژنان، جیاواز لە نە خۆشیەکانی سەرچاوەگرتوو لە بەدخۆراکی لە بنەماڵە کەم داهاتەکان و مردنی سەرچاوەگرتوو لە هەژاریەوە، نیگەرانی، نە خۆشییە دەروونیەکان و خەمۆکی لە نێو ژناندا بە توندی چووەتە سەرێ. لە ئاواییەکاندا بە هۆی هەژاریی لە رادەبەدەر، سە لامەتیی ژنان و منداڵان زۆر لە خوارەوەیە و زۆربەی کاتەکان ژنان لە کاتی منداڵبووندا گیانی خۆیان لە دەست دەدەن یان بە دەست بەدخۆراکی و نەخۆشیەکانی دیکەوە دەناڵێنن. بەداخەوە لەم ساڵانەی دواییدا ئاماری خۆکوژی و خۆسووتاندن لە نێو ژنانی کوردستاندا چوەتە سەرێ. قەتڵی ناموسی و نوقسان کردنی جەستەی ژنان و بێبەش کردنیان لە چێژی جنسی لە هێندێك لە ناوچەکانی ئێراندا بە مەبەستی "پاراستنی ئابڕووی ئەوان" بۆ وێنە لە هێندێك لە ناوچەکانی کوردستان هێشتا هەر باوە.

بزووتنەوەی ژنانی ئێران لەم بارودۆخە نالەبارە ئابوورییەدا و لە کاتێکدا کە لە سەرجەم بوارەکانی ژیاندا هەر حیسابی نێوە پیاوێکی بۆ دەکرێ هەروا درێژەی بە خەباتی خۆی داوە. لە کاتێکدا کە بە هۆی شەپۆلی دووهەمی سەرکوتی دەوڵەتی ئە حمەدی نەژاد بە هەزاران کەس لە ژنان بە تاوانی نەپاراستنی یاساکانی ئیسلامی دەست بە سەر کراون و رەوانەی بێدادگاکانی کۆماری ئیسلامی کران، ژنان لە شوێنی کار، لە نێو بنەماڵە و لە سەرجەم بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا لەگە ڵ یاساکانی دژی ژنی رژیمی سەرمایەداری ئایینی بەرەوڕوو بوون. رێژەی ئەو ژنانەی کە لە ناڕەزایەتی بە یاساکان و هە لومەرجی نالەباری ژنان لە بنەماڵەدا رەوانەی دادسەراکان بوون، چوە سەرێ. رێژەیەکی زۆرتر لە ژنان لە دژی یاسا پیاوەمە زنانەکان راسان. ژنان زیاتر لە پێشوو روویان کردە ناوەندەکانی باڵای خوێندن. لە یەك ساڵی رابوردوودا ژنان بوونە ئەستوونێکی بزووتنەوەی رادیکاڵی خوێندکاری. ژنان لە کوردستان لە ریزی پێشەوەی داکۆکی لە مافی منداڵان و هاوچارەنوسانی خۆیاندابوون و هاوشانی چینی کرێکاری کوردستان ئاگری بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستانیان بەگەشاوەیی راگرت. لە بواری رۆشنگەری و چاپەمەنیشدا رێژە و ئاستی نووسراوەکان، گۆڤارەکان، وێبلاگ و ئەو ماڵپەڕانەش کە لە لایەن چالاکانی بزووتنەوەی ژنانەوە بڵاو دەکرێنەوە یان بەڕێوە دەچن و پەرەدان بە هۆشیاری لە مەڕ جێگاوشوێنی ژنان لە کۆمەڵگادا، لە مێژووی خەباتی ژنانی ئێراندا بێ وێنە بوە.

ئەمڕۆکە لە کۆمەڵگای ئێراندا بەرینی و بەربڵاوی نایەکسانی و بێمافی ژنان و پانتایی داخوازیەکانی ئەوان بۆ چارەسەری ئەو هەڵاواردنە هەلومەرجێکی رەخساندوە کە هێزە جۆراوجۆرەکانی ئۆپۆزسیۆنی یاسایی و نایاسایی هەرکامێکیان بە گەڵاڵە کردنی گۆشەیەك لەو داخوازییانە داکۆکی لە مافی ژنان دەکەن. بەڵام ئەو هێزانە بە پێی ناوەرۆکی چینایەتیی خۆیان هە رکامیان ستراتیژییەکی سیاسیی دیاریکراویان خستوەتە بەردەم بزووتنەوەی ژنانەوە.

فیمینیزمی لیبراڵ بە بەلارێدابردنی سەرنجی ژنان لە ناسینی سەرچاوەکانی رۆژڕەشیەکانی ئەوان، نەتەنیا سیستمی سەرمایە داری لە ژێر ئەو گورزانە دەرباز دەکات، بەڵکو بە دەست خستنە ناو دەستی فێمێنیزمی ئیسلامی و بە هیواداربوون بە دابە زینی یاساکانی دژی ژنی رژیمی ئیسلامی لە رێگای راڤە و لێکدانەوەی نوێ بۆ قورئان و یاساکانی ئیسلامی و بە گرتنە بەری ستراتێژی چاکسازی و مانەوەی کۆماری ئیسلامی و سڕینەوەی سیاسەت لە بزووتنەوەی ژنان، ئەو بزووتنەوەیەی لە خەبات لە دژی یاسا ئیسلامیەکانیشدا لەبار دەبات. کەمپەینی یەك میلیۆن ئیمزا کە بۆخۆی رەنگدانەوەی شکستی ئیسلاحخوازانی حکومەتی و کەوتنەپەراوێزی ئەوان لە دەسەڵاتی دەوڵەتییە، بە بەرچاوترین شێوە ناکارایی ستراتێژی سیاسی و تاکتیکەکانی ئاڵترناتیوی لیبراڵی لە بزووتنەوەی ژناندا ئاشکرا دەکات.

لە نێو ئەو بۆچوونانەدا، نەتەنیا بۆچوونی سۆسیالیستی دەتوانێت بەرەوپێشچوونی بزووتنەوەی ژنان دابین بکات و بزووتنەوەی ژنان لەم قۆناغەی ئێستای تێپەڕێنێت، بەڵکو دەتوانێت هێزی بەرینی ژنانی کرێکار و زەحمەتکێش بێنێتە گۆڕەپانی خە باتێکی یەکگرتوانەوە. بزووتنەوەی ژنان هەتا کاتێك کە تواناییەکان و جموجۆڵەکانی خۆی لە چوارچێوەی چالاکان و کەسانی هەڵکەوتەدا بەرتەسك بکاتەوە ناتوانێت جێگاوشوێنی راستەقینە و شیاوی خۆی دەستەبەر بکات.

### هێڵە سەرەکییەکانی ستراتێژیی سۆسیالیستی لە بزووتنەوەی ژناندا

- سەرچاوەی ستەمکێشی ژنان لە سیستمی چینایەتی سەرمایەداریدایە. بە بێ پەرەدان بە وشیاری لە مەڕ سەرچاوەکانی ستەمکێشی ژنان و خەبات بۆ بنبڕکردنی ئەو ستەمکێشیە ژنان ناتوانن خەباتێکی کاریگەرییان لە دژی کولتوری پیاوەمەزنانە و یاساکانی دژی ژنی دواکەوتوی ئایینی هەبێت.
- بە هێرش بردنە سەر پەیوەندییەکانی سەرمایەداری بزووتنەوەی ژنان تەنانەت ناتوانێت کۆتایی بەو نایەکسانیانەش بێنێت کە لە مەڕ مافی یەکسان هەیەتی و سەرچاوەکەشی لە نایەکسانیە ئابوورییەکاندایە. هەرچەشنە پێشڕەوییەکی بزووتنەوەی ژنان لە بواری دەست پێڕاگەیشتن بە مافی یەکسان لەگەڵ پیاوان بەستراوەتەوە بە پەلاماردان بۆ سەر پەیوەندییەکانی سەرمایە داری و پاشەکشە پێکردنیان.
- مەرجی پێشڕەویی بزووتنەوەی ژنان جەماوەری بوونەوە و کۆمەڵایەتی بوونەوەی ئەو بزووتنەوەیە. بۆ بوونی بزووتنەوەی ژنان بە بزووتنەوەیەکی جەماوەری و کۆمەڵایەتی، دەبێ جەماوەری ژنانی کرێکار و زەحمەتکێش بە شێوەیەکی بەرین رەوانەی گۆڕەپانی خەبات بکرێن و بۆ بەرێوەبردنی ئەو کارەش دەبێ لە سەر سەربەخۆیی ئابووری ژنان و لە سەر داخوازەکان و پێداویستیە ئاسایشیەکانی ژنان جەخت بکرێتەوە و رێڕەوی وەدیهاتنی ئەو داخوازییانە نیشان بدرێت.

ـ لیبراڵیزمی بورژوازیی ئێران لەو ڕووەوە کە خاوەندارێتی تایبەت بە شتێکی پیرۆز دەزانێت و ستراتێژیەکەشی پەیڕەوی لە پلانە کانی نیئۆلیبراڵیزمی ئابووریی باو لە ئاستی جیهان دایە، ناتوانێت داخوازەکانی ژنان لە مەڕ مافەکانیان وەدی بێنێت.

ـ چینی کرێکار بە پێی ناوەرۆکی ئەو خواستانەی کە هەیەتی و لەو ڕووەوە کە زۆرینەی ژنان هەر ژنانی کرێکار و زەحمە تکێشن، هاوخەباتی ستراتژیکی بزووتنەوەی ژنانە.

ـ بزووتنەوەی ژنان بەو خواستانەی کە هەیەتی لە یەکەمین هەنگاودا لەگەڵ لەمپەری پشووبڕیی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بەرەوڕوو دەبێتەوە. بۆ تێکشکاندنی ئەو لەمپەرە بزووتنەوەی ژنان ناتوانێت بەدوور لە بزووتنەوە دێموکراتیکە کۆمەڵایەتیەکانی دیکە بە شێوەیەکی سەرکەوتوانە خەباتی خۆی بەرەوپێش بەرێت. بۆ پاشەکشەکردن بە ئەو پشووبڕییەی کۆماری ئیسلامی هاوکاری و یەکێتی بەکردەوە لەگەڵ بزووتنەوە دێموکراتیکەکانی دیکە زەرووریە.

چالاکانی سۆسیالیست لە بزووتنەوەی ژناندا بە وشیاری لە مەڕ بنەماکانی ستراتێژیی سۆسیالیستی لە بزووتنەوەی ژناندا، بێ ئەوەیکە نیگەرانی خەوشدار بوونی سنوورەکانیان لەگەڵ بۆچوونەکانی دیکەی بزووتنەوەی ژنان بن، دەتوانن هەر بەشێك لە ویست و داخوازیەکانی ژنان (ئەم داخوازییانە لە بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، بەیانییەی مافەکانی ژن، بەرنامەی کۆمەڵە بۆ دەسەڵاتدارێتی جەماوەری لەکوردستانیشدا باس کراون) وەك بنەمای یەکێتی بەکردەوەی خۆیان لەگەڵ ڕەوتەکانی دیکەی نێوبزووتنەوەی ژنان دابنێن و لە هەر خەباتێکیشدا لە پێناو داخوازییەکانی ژناندا هەرچەندە کە خواستەکانیش بەرتەسك بن، چالاکانە بەشداریی بکەن.

## بزووتنەوەی خوێندکاری

ڕەوتی خەبات و ڕووداوەکانی بزووتنەوەی خوێندکاری لەم چەندساڵەی دواییدا نیشانی داوە کە پێشڕەویەکانی ئەو بزووتنەوەیە لەم قۆناغەدا، لە بنەڕەتدا بەهۆی چالاکییەکانی بەشی چەپ و سۆسیالیستی ئەو بزووتنەوەیە بوە. بەشی چەپ بزووتنەوەی خوێندکاری لەم چەند ساڵەی دواییدا بە شکاوەراگرتنی ئاڵای داخوازە دێموکراتیك و رادیکاڵەکان و بە داکۆکی کردن لە داخوازیەکان و خەباتی چینی کرێکار و دانپێدانان و جەخت کردنەوە لە سەر ستراتێژیی هاوپشتی لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری و سەرجەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان و هەوڵدان بۆ پێکهێنانی پەیوەندی و هاوپشتی لەگەڵ چالاکان و ڕێبەرانی بەکردەوەی بزووتنەوەکانی دیکە، لاپەڕەیەکی نوێیان لە مێژووی ئەم قۆناغە لە ژیان و پێشڕەویەکانی بزووتنەوەی کرێکاریدا هەڵدایەوە.

جموجۆڵ و ڕەوتی چەپ و سۆسیالیستی لە نێوخۆی زانکۆکاندا لە لایەکەوە بە خەباتی بەردەوام لە دژی سیاسەتە سە رکوتکارانەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ چڕکردنەوەی پشووبڕیەکانیان، خەبات بۆ ئازادیی خوێندکارانی دەستبەسەرکراو، خەبات بۆ تێکەوەپێچانی دامەزراوە ئایینیەکان و هێزە سەرکوتگەرەکان لە زانکۆکاندا، خەبات بۆ ئازادیی بێ شەرت و مەرجی دەربڕینی بیروڕا لە زانکۆکاندا و لە لایەکی دیکەشەوە بەرامبەرکێ لەگەڵ لیبراڵیزمی بورژوایی ئێران لە شێوازە جۆراوجۆرە کانیدا کە خۆی ڕەنگدانەوەی عەینیی بارودۆخی خەباتی چینایەتی لە کۆمەڵگادایە، هاتە نێو گۆڕەپانی ململانێکانەوە.

بڵاوکردنەوەی کۆمەڵێك گۆڤار و بە دەیان ماڵپەر و وێبلاگی خوێندکاری کە بەشی چەپ و سۆسیالیستی بزووتنەوەی خوێندکاری لە ڕێگای ئەوانەوە بانگەشەیان بۆ ئایدیا سۆسیالیستی و مارکسیستیەکانیان دەکرد و سەبارەت بە ڕووداوە کۆمەڵایەتیەکانی نێو کۆمەڵگا، کاردانەوەیەکی رادیکاڵیان نیشان دەدا، بەڕێوەچوونی کۆڕو کۆبوونەوە ئاشکراکان، وەڕێخستنی کەمپەین بۆ پشتیوانی دارایی لە چالاکانی دەستبەسەرکراوی کرێکاری، ململانێی بە ئاشکرا لەگەڵ دامەزراوە و بنکەکانی سەر بە رژیم و سەپاندنی بەکردەوەی رادەیەك لە ئازادی کارکردن و رادەربڕین لە زانکۆکاندا لە دەسکەوتەکانی هەر ئەم قۆناغە لە بزووتنەوەی خوێندکار بوو کە لە بنەڕەتدا بە هەوڵ و کۆشش و رۆڵ و چالاکییەکانی چەپەکان و سۆسیالیستەکانی بزووتنەوە ی خوێندکاری دابین کرا.

بەشوێن ڕووداوەکانی مانگی سەرماوەزی ساڵی رابوردو، دەستبەسەرکردن و گیرانی کۆمەڵێك لە چالاکانی بزووتنەوەی خوێندکاری و ڕووداوەکانی دوای ئەویش، بەڵگەکان دەرخەری ئەو راستییەن کە بزووتنەوەی خوێندکاری لە بەرامبەر شەپۆلی گرتن و سەکوتکاریەکانی رژیمدا بەشێك لە دەسکەوتەکانی خۆی لە دەست داوە و لە هێندێك لە هەڵوێستەکانی خۆی پاشە کشەی کردوە.

لە هەڵسەنگاندنی ئەو رەوتانەی کە هۆکاری سەپاندنی پاشەکشە بە سەر بەشی چەپی بزووتنەوەی خوێندکاری لانیکەم لە چوارچێوەی هێندێك لەزانکۆکانی تاران دابوون، نابێ رەوتی گەشەی سەرلەنوێی هێزە چەپەکان لە زانکۆکاندا لە بەر چاو نە گرین. بە شوێن شکستی ئیسلاحخوازانی حکومەتی و رەوتەکانی سەر بەوان لە نێوخۆی بزووتنەوەی خوێندکاریدا و لە لایەکی دیکەشەوە لە ژێر کاریگەریی گەشەی بزووتنەوەکە، قۆناغێکی نوێ لە چالاکیی بەرچاو و بووژانەوە چەپ لە بزووتنەوەی خوێندکاریدا لە ڕێگای بڵاوکراوەکان و پێکهاتنی کۆڕوکۆمەڵەگ روو لەگەشەکانی چەپەوە لە ساڵی ١٣٨٢دا دەستی پێکرد.

ئەو چەپە بە خێرایی لە نێو زانکۆکاندا و بە تایبەت لە زانکۆکانی تاراندا بەوە جەمسەرێکی تا رادەیەك بەهێز و کەشوهەوای سیاسیی زانکۆکانی خستە ژێر کاریگەریی خۆیەوە. ئەو چەپە لە رەوتی خەباتی خۆیدا بۆ زیندووکردنەوەی سوننەتەکانی چەپ لە بزووتنەوەی خوێندکاریدا هاوکات لە دوو بەرەدا خەباتی خۆی بەرەوپێش دەبرد. لە لایەکەوە لەگەڵ سەرکوتکاریەکانی رژیمی درندەی کۆماری ئیسلامی بەرەوڕوو بوو و لە لایەکی دیکەوە لەگەڵ پاشماوەکانی رێکخراوی تەحکیمی وەحدەت و لیبراڵە سێکۆلارەکانی ریفراندۆمخواز لە ململانێ دابوو.

چەپ خوێندکاری لەم قۆناغەدا لە بنەڕەتدا لە ژێر کاریگەریی سیاسی و مەعنەوی حیزب و رێکخراوەکانی نێو بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستیی ئێراندا پێکهاتوە و ڕێبازێکی فیکریی جیاوازی نییە. ئەو چەپە هەم بە هۆی بارودۆخی عەینی کە تێیدا بوو، خەباتی سەخت و دژوار ی ژێر دەسەڵاتداریێتی دەسەڵاتی رەشی کۆماری ئیسلامی، بەرەوڕووبوونەوە لە گەڵ باڵە جۆراوجۆرەکانی لیبراڵ و هەروەها بە هۆی نائاشنایی جەماوەرێکی بەرین لە چالاکانی چەپ سەبارەت بە گۆڕانکاریەکان، لێکدابڕانەکان و پۆلاریزاسیۆنێك کە بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستیی ئێران هەتا ئەو کات بە سەریاندا تێپەڕیبوو، بەگشتی بە شێوەیەکی جیبهەیی کاریان دەکرد، بەڵام ئەوە دەورەیەك بوو کە تێپەڕی. هێزە چەپەکانی نێو خۆی بزووتنەوەی خوێندکاری بە خودوشیاریی زیاتر و بە پەرەپێدان بە چالاکییەکانی خۆیان و سەپاندنی رادەیەك لە ئازادی کارکردن لە زانکۆکاندا لە لایەکە

وە و چوونەسەرێی خەباتی چینایەتی لە کۆمەڵگادا، گۆڕانکارییە سیاسییەکان، چڕبوونەوەی قەیرانی پەیوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئەمریکا سەبارەت بە بەرنامە ناوکیەکانی رژیم و لێکدانەوەی سیاسی جۆراوجۆر لە لایەن هێزە چالاکەکانی بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی ئێران سەبارەت بەم رەوتانە، هەرهەموویان بواریان بۆ لێکدابڕانی هێزە چەپەکانی بزووتنەوەی خوێندکاری خۆش کرد.

رەوتی ئەو لێکدابڕانە زۆر پێشووتر لە مانگی سەرماوەزی ئەمساڵەوە دەستی پێکردبوو بەڵام رووداوەکانی مانگی سەرماوەزی ئەمساڵ رەوتێکی خێراتری بەو لێکدابڕانانە بەخشی. هێندێك لە هەڵوێستەکان، تاکتیکەکان و شێوەکاری لایەنێك لە چالاکانی بزووتنەوەی خوێندکاری و هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی ئەوان سەبارەت بە کێشمەکێشی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئەمریکا لە سەر بەرنامە ناوکییەکان و ئەگەری شەڕ و هەڵوێستی ناسۆسیالیستی لە بەرامبەر ئەودا دەرخەری ئەوە بوو کە بەشێك لە چالاکان و رێبەرانی خوێندکاریی ئازادیخواز و بەرابەریخواز سەرەڕای راگەیاندنی رەسمی ستراتێژی سۆسیالیستی کە لە سەر رۆڵی چینی کرێکار لە پێکهێنانی هەرچەشنە گۆڕانێك لە کۆمەڵگەدا و هاوپشتی بزووتنەوەی خوێندکاری لەگەڵ بزووتنەوە ی کرێکاری جەختی دەکردەوە، لە پراتیك و کردەوەی سیاسی خۆیدا ئەو بنەمایانەی وەژێر پێ نا و بە پێچەوانەی بەرژەوە ندییە گشتییەکانی بزووتنەوەی خوێندکاری کاریان کرد. ئەو هەڵوێست و لێکدانەوە هەڵەیە، داڕشتنی تاکتیکی نەگونجاو و گرتنەبەری کردەوی بێباکانە لە هێندێك لەنووسراوەکانی چالاکانی ئەو بزووتنەوەیەدا و چ لە شێوازی کارکردن، تاکتیکەکان و رووداوەکانی ئەم قۆناغەدا بە ئاشکرا خۆی دەرخست.

ئێستا ئەگەر لە پێشهاتەکانی ستراتێژییەکی ناسۆسیالیستی و لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی هەڵە سەبارەت بە بارودۆخی سیاسی، هەنگاوێك ئەولاتر هەڵێنینەوە، راستییەکانی بزووتنەوەی خوێندکاری بۆ چالاکانی هێزە کۆمۆنیستەکانیش کە لە بزووتنەوەی خوێندکاریدا بە شوێن ستراتێژی سۆسیالیستیەوەن، ئەم دەرس و ئەزموونەی بەدواوەیە کە دەبێ پەیوەندی و جیاوازیەکانی کاری عەلەنی و کاری حیزبی بەباشی هەست پێبکەن و لە چالاکییەکانی خۆیاندا پرنسیپەکانی چاودێر بە سەر ئەم شێوە کارکردنە بە باشی بپارێزن.

لە درێژەی هەڵسەنگاندنی ئەو بارودۆخەی کە پەیوەستە بە رووداوەکانی مانگی سەرماوەزەوە، دەبێ پەنجە بخرێتە سەر ئەم کە موکۆڕیەش کە ئەو بەرەیە لە چالاکانی سۆسیالیستی بزووتنەوەی خوێندکاریش کە وێنەیەکی روونیان لە بارودۆخی خەباتی چینایەتی لە ئێران و رەوتی بارودۆخی سیاسیدا هەبوو و خۆیان لە داڕشتنی بنەماکانی ستراتێژی سۆسیالیستی لە بزووتنەوە ی خوێندکاریدا رۆڵێکی بنەڕەتیان گێڕا، بەڵام نەیانتوانی بەکردەوە شێوازی کار، تاکتیکەکان و شێوازەکانی چالاکیی چاودێر بە سەر ئەم ستراتێژیە سۆسیالیستیە لە بزووتنەوەی خوێندکاریدا بگرنە بەر و لە نەبوونی وەها شێوەکارێك بوو کە تاکتیکەکان و شێوەکارەکانی ستراتێژییەکی ناسۆسیالیستی و لێکدانەوەی هەڵە لە بارودۆخی سیاسی وەکو ئاڵترناتیڤی ئامادە و دەست بە جێ کەوتە بەردەست بەشێك لە بزووتنەوەی خوێندکاریەوە. کەوابوو هەرچەندە نابێ لە رەخنە و تاوتوێکردنی رووداوەکانی مانگی سەرماوەز خۆمان لە چوارچێوەی رەخنەی تاکتیکی و شێوەکارەکاندا قەتیس بکەین و بنچینەکانی دەبێ لە ستراتێژیی سیاسی زاڵ بە سەر ئەو چالاکییانەدا بدۆزینەوە، بەڵام ئێستا کە لە سەر ئەساسی بنەمایەکی سۆسیالیستی وێکچوونێك هەیە

، دەبێ هەوڵ بدرێت بۆ ئەوەی شێوەکار و بنەماکانی تاکتیکی سیاسی گونجاو لەگەڵ ستراتیژییەکی سۆسیالیستی هەرچی زیاتر روون بکرێتەوە.

لایەنی سۆسیالیستی بە پشت بەستن بە بنەماکانی ستراتێژییەکی سۆسیالیستی لە بزووتنەوەی خوێندکاریدا و روونکردنەوەی شێوەکار و بنەماکانی تاکتیکی و رێکخراوەیی گونجاو لەگەڵ ئەو، ئەمجارەیان لە جێگاوشوێنی رێبەریی بزووتنەوەی خوێندکاریدا بە بێ ئەوەیکە نیگەرانی خەوشداربوونی سنوورەکانی لەگەڵ لایەنەکانی چەپی دیکەی نێو بزووتنەوەی خوێندکاری بێت، دەبێ بتوانێت نەتەنیا لایەنەکانی دیکەی چەپ بەڵکو تەواوی تواناییەکانی خەباتی بزووتنەوەی خوێندکاری لە پێناو پێشڕەویی بزووتنەوەی خوێندکاریدا و بۆ بەرامبەرکێ لە گەڵ سیاسەتەکانی رژیمی کۆماری ئیسلامی بەکار بێنێت.

***

**درێژەی ئەم راپۆرتە لە ژمارەکانی داهاتوودا دەخوێننەوە**